سەماحەتی سەید حەکیم لە رۆژی جیهانی دیموکراتیەت : دیموکراتیەت بژاردەی نیشتمانی و بەرپرسیارێتی ئەمنیە



سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە میانی گوتەیەکی لە ئاهەنگی رۆژی جیهانی بۆ دیموکراتیەت گوتی دیموکراتیەت بژاردەیەکی نیشتمانی هەموو عێراقیەکی ئاسانە و شتێکی هاوردەکراو نییە، بەڵکو بەرهەمی قوربانی زۆرە کە گەلی عێراقی بۆ درۆژایی چەندین دەیە لەتەکەشان دژی زوڵم و دیکتاتۆریەت پێشکەشی کردوە.

سەماحەتی ئاوونیکردنەوە کە عێراق ئووبەئووی ئاستەنگ و تەگەرەی گەورە هاتوە لە کاروانی دیموکراتیەت، کە بریتی بوون لە تایەقیەت و گەندەڵی و لاوازی دام و دەزگایەکان لەگەڵ دەست تێوەردانی دەرەکی بەخەیاڵ بینی و دووپاتی کردەوە کە ئەو هاکاباریانەپێویستی بە بەدواچوونی جیدی و بەردەوام بوون لە چاکسازی هەیە.

سەید حەکیم باسی سێ کەڵکە سەرەکیەکانی دیموکراسی کرد کە بریتین لە:

1. شەرعیەتی سیاسی لە دەگەڵ هەڵبژاردنەکی دادپەروەرانە کە دەنگدانەوەی ئیرادەی ئاستەقینەی خەڵک بێت

2. هاووڵاتیبوونی چالاک کە دەسەزی بە نیشتیمان لە سەرووی هەموو دەسەزیەکانەوە دادەنێت.

3. دامەزراوەیەکی بەهێز و شەفاف کە زامنی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان و بەدیهێنانی دادپەروەری و پاراستنی مافەکان بکات..

سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە کە پێویستە لەسەر لاوان و ژنان و نوخبەی فیکری و کەڵتووری شارستانی هاوبەشی راستەقینە بن لە پرۆژەی بنیاتنانی دەوڵەت، هەروەها کەڵکەڵەی سەرەکی بن لە چەسپاندنی ڕۆشنبیری گفتوگۆ و هاوبەشی نیشتمانیدا.

بەڵێزیان ئاماژەی بەوەدا کە دیموکراسیەت وەستگەی کۆتایی یان دروشم نییە، بەڵکو دەگایەکی بەردەوام بۆ گەشەپێدان و چاکسازی کە پێویستی بە پراکتیکی بەرپرسیارێتی هەڵگرتن و هۆشیاری بەکۆمەڵ و پابەندبوونی راستەقینە و دادپەروەرانە هەیە بە پرەنسیپەکانی دەوڵەتەوە...

هەروەها دووپاتی کردەوە کە پتەوکردنی متمانە لە نێوان هاوڵاتی و دەوڵەت و پاراستنی مافی مرۆڤ هەردووکیان کەڵەکەی سەرەکین بۆ چەسپاندنی دیموکراتیەت و جێگیرکردنی.

لەکۆتاییدا سەماحەتی حەکیم لە گوتەکەی دووپاتی کردەوە کە عیراق بەهەی ئەو کەلتوورە دێرینەی هەیەتی دەتوانێت ببێتە مۆشەخەڵك بۆ دیموکراتیەت لە ناوچەکەدا و نموونەیەك بۆ چاکسازی دادپەروەری و باسی شەهیدانی عێراقیشی کرد کە مانای ئاستەقینەی یەکریزی نیشتمانیان بەرجەستە کرد، هەروەها خوێنی خەیان لەپێناو ئازادی و شکۆ پێشکەش کردتا ببنە بناغەیەکی چەسپاو بۆ بنیاتنانی دەوڵەتکی دیموکراتی و

دادپەروەرانە بە هەموو عیراقییەکان.